# له كوردستانی عێراق، رۆژنامەنووسان قوربانی ململانێی سیاسین

**رۆژنامەنووسان لە کوردستانی عێراق لەژێر فشاری دەسەڵاتدارانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی باکوری عێراقدان، دەزگاکانی هەواڵ دادەخرێن و رۆژنامەنووسان بەنددەکرێن. لەکاتێکدا گفتوگۆ لەبارەی پێکهێنانی حکومەت بەردەوامە، ئیگناسیۆ میگێڵ دێلگادۆ، نوێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقای لیژنەی بەرگریکردن لە رۆژنامەنووسان دەچێتە هەولێر، سلێمانی و دهۆك و گوێ لە رۆژنامەنوسان دەگرێت لەسەر ئەو هێرش و ناڕەحەتیانەی بەهۆی دابەشوونی حیزبەکانەوە توشی دەبن.**

<u>ئیگناسیۆ میگێڵ دێلگادۆ، نوێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقای لیژنەی بەرگریکردن لە رۆژنامەنووسان</u>

یەکەمجار نەبوو رووگەش شێروانی ببینێت هاوسەرەکەی، رۆژنامەنووسی فریلانسی کورد شێروان شێروانی، بخرێتە زیندان. ئەوە رەنگە هۆکار بێت بۆ دیارنەبوونی هیچ قەلەقی و ترسێك هەڵسوکەتەکانیدا. بەپێچەوانەوە. تەواو هێمن و کۆڵنەدەر دیاربوو کاتێك لە ژووری دانیشتنی ماڵەکەیان لەدەرەوەی هەولێر چاوم پێی کەوت. کاتێك وردەکاری هەوڵەکانی خۆی بۆ سەردانکردنی شێروانی لە بەندینخانە خستەڕوو و سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ کەیسەکەی راکێشا، ڕووگەش منداڵێکی خەواڵوی لە ئامێز گرتبوو، بێئاگا لە گفتوگۆکەی ئێمە، پەنجەی خۆی دەمژی و بە حەسرەتەوە چاوی پڕیبووە دایکی.

رووگەش گوتی، "لە کاتەوە کە دوو هەفتە لەمەوبەر خاچی سوور لە بەندینخانە سەردانیان کرد، نە خزم و نە پارێزەرەکانی نەیانتوانیووە سەردانی بکەنەوە. سێ رۆژ لەمەوبەر چووم بۆ بەندینخانەی زیرکا لە دهۆك، بەڵام بەرپرسانی بەندینخانەکە پێیانگووتم شێروانی لەوێ نییە." بەندینخانەی زیرکا دەکەوێتە شارێك لە باکوری رۆژئاوای کوردستانی عێراق.

رووگەش گوتی"ڕۆژنامەنووسانی دیکە بە کەفالەت ئازادکراون و ناچارکراون وەرەقە پڕبکەنەوە کە هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ شێروان بپچڕێنن. چاوم بە بەرپرسانی

نەتەوە یەکگرتووەکان و باڵیۆزخانەی ئەمریکا کەوتووە و داوام لێکردوون فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی کوردی تا شێروان ئازاد بکات.”

تەنانەت کورێکی منداڵی ڕۆژنامەنووسەکە کە ناوی شاهینە و لە کۆبوونەوەکەماندا لە تەنیشت دایکییەوە دانیشتبوو، بەشداری هەڵمەتەکەی کردووە و ڤیدیۆیەکی لە سۆشیاڵ میدیا بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا بە سۆزەوە داوای ئازادکردنی باوکی دەکات.

شێروانی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە ٢٨ ی کانوونی دووەم دەستگیرکرا لەکاتێکدا بەڕێگاوەبوو بۆ خۆپیشاندانێك دژی بوونی هێزەکانی تورکیا لە ناو خاکی کوردستانی عێراق.  ڕۆژنامەنووسەکە وێنەدەگرێت و ڤیدیۆی ڕاستەوخۆی خۆپیشاندانەکە لە فەیسبووکەکەی بڵاودەکاتەوە کە زیاتر لە سەت هەزار فۆڵۆوەری هەیە.

رووگەش دەڵێت دڵنیایە گرتنی هاوسەرەکەی لە رابردوودا، لە ٢٠٠٧ و ٢٠١٢، بەهۆی راپۆرتەکانییەوە لەسەر مامۆستایەك کە خراپ مامەڵەی لەگەڵ قوتابیەکانی کردبوو و هەروەها بابەتە رەخنەئامێزەکانی لەسەر برای سەرۆکی پێشووی کوردستان مەسعود بارزانی پەیوەندیان بە گرتنی ئەمڕۆیەوە هەیە.

رووگەش شێروانی گوتی، “شێروان بابەتی رەخنەگرانەی لەسەر خانەوادەی بارزانی نوسیووە و ڤیدیۆ راستەوخۆکانی لە فەیسبووك هۆکاری سەرەکین لە پشت گرتنییەوە. ناوی خەڵکی بەناوبانگ دەهێنێت و رەخنە لەگەندەڵی دەگرێت. بەرپرسانی پارتی رووبەڕووی براکەی بوونەتەوە و داوایان لێکردووە شێروان قایل کە بۆخۆی باشە واز لە کاری رۆژنامەنووسی بێنێت.“

دەسەڵاتدارانی کورد رەتیان کردووە گرتنی هاوسەرەکەی رووگەش پەیوەندی بە کاری رۆژنامەنووسی یاخود چالاکی سۆشیاڵ میدیایەوە هەبێت.

چەند خوولەکێك پێش کۆبوونەوەم رۆژی ٢٦ ی شوبات لەگەڵ دیندار زێباری، بەرپرسی لیژنەی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان،  یاریدەدەرەکەی بەیاننامەیەکی فەرمی دایە دەستم. بەیاننامەکە شێروانی و چوار چالاکوانی دیکەی بە ئاژاوەگێڕی و هاندانی توندوتیژی تۆمەتبارکردبوو، لە ژێر پەردەی پاڵپشتیکردنی خۆپیشاندانێکەوە دژی بنکەیەکی سەربازی تورکی لە شیلادزێ. ئەمەش دوای هێرشێکی ئاسمانی تورکیا هاتبوو کە چوار کەسی کوشتبوو.

لە بەیننامەکەدا نوسرابوو بەندکراوەکان پارێزەریان بۆ دابینکراوە و خزمەکانیان دەتوانن سەردانیان بکەن، بەڵام بە کەفالەت ناکرێت ئازادبکرێن چونکە لە ژێر مادەی (١٦٥) ی یاسای تاوانی عێراقی بەنکدراوون نەك یاسایی رۆژنامەگەری کوردستان. مادەی

(١٦٥) دەڵێت ڕێکخستنی هێزی چەکداری دژی وڵاتێکی بیانی بەبێ ڕەزامەندی حکومەت و یاخود هاریکاریکردنی وڵاتێکی دەرەکی لەکاتی شەڕدا سزاکەی زیندانی هەتا هەتاییە.

زێباری لە نوسینگەکەی- کە بە دەیان وێنەی خۆی لەگەڵ سەرکردەی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان رازێنراوەتەوە- پێی گوتم، "شێروانی نە ڕۆژنامەنووسێکی پرۆفێشناڵە نە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە. پێشتر بە ناوزڕاندن تۆمەتبارکراوە. کەسێکی نەخۆشە. تۆمەتبارکراوە بەوە لە ڕێگەی خەڵکی دیکەوە لە دهۆك هانی توندوتیژیداوە."

زێباری ئەوەی زیادکرد کە "شێروانی پیلانگێڕی دژی وڵات ئەنجامدەدات و لەلایەن ئاژانسی دەرەکی نا-عێراقییەوە بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری لە وڵاتدا هاندەدەرێت. ئازادی خۆی خراپ بەکارهێناوە و بۆ بەناوبانگبوونی خۆی چیرۆکی ساختە دەهۆنێتەوە. ئاسایش پێیانگووتم خۆی دانیبەوەدا ناوە کە کاری دژی دەوڵەت ئەنجامداوە."

## فشار و بێباکی لە کوردستان

پارێزەری شێروانی، ڕێڤینگ یاسین نەبی، نەك تەنیا ناکۆکە لەگەڵ زێباریدا، بەڵکو دەڵێت پرواى وایە مەسەلەی گەورەتر لە ئارادەیە کە بارودۆخی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ڕووندەکاتەوە.

نەبی، لە کۆبوونەوەم لەگەڵی لە پرسگەی هوتێلێك لە دهۆك ڕۆژی ١ ی ئازار، پێی گوتم، "ئەم کەیسە هێندەی یاساییە، دووجار سیاسییە. خۆپیشاندانەکە تەنیا بیانوویەك بوو بۆ گرتنی چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان. تۆمەتەکان دژی شێروانی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کارەکانی پێشوویەوە هەیە وەکو ڕۆژنامەنووس. ئامانجی سەرەکی بەندکردنی بۆ ئەوەیە بیترسێنن و ڕێگەینەدەن راپۆرت لەسەر دەسەڵاتداران بکات."

نەبی، پارێزەرێکی بە ئەزموونی مافی مرۆڤ، نەوەستا لە قسەکردن تا سەیری دەوروبەری خۆی بکات کاتێك لە پرسگە چۆڵەکەی هوتێلەکەدا قسەمان دەکرد. ڕوونیکردەوە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی پەیوەندییان بە حیزبەکانەوە نییە و راپۆرت لەسەر گەندەڵی بڵاودەکەنەوە توشی کێشە دەبن. بەهەمان شێوە پارێزەرانیشیان. ئەوانەی کار لەسەر ئەم کەیسانەی مافی مرۆڤ دەکەن، بە خۆیەوە، ڕووبەڕووی مەترسی دواخستنی کەیسەکانی دیکەیان دەبنەوە کە کاری لەسەر دەکەن یاخود لەلایەن سەندیکای پارێزەرانەوە هەڕەشەی لێسەندنەوەی مۆڵەتیان لێدەکرێت. گوتی ئەمە ڕووبەڕووی هەندێك پارێزەری خۆبەخش بۆتە کە بەشێك بوون لە تیمەی بۆ بەرگریکردن لە شێروانی پێکهێنرابوو. "

نەبی دەڵێت، "فشار لەسەر رۆژنامەنووسان گەشتۆتە ئاستێك کە زۆر رۆژنامەنووس بیرلەوە دەکەنەوە بەیەکجاری واز لە کارەکانیان بهێنن بۆ ئەوەی ژیانێکی بێ ترس و بێ هەڕەشە بەڕێبکەن."

سەندیکای پارێزەرانی کوردستان یەکسەر وەڵامی داخوازییەکی لیژنەی بەرگریکردن لە رۆژنامەنووسانی نەدایەوە کاتێك داوای سەرنجمان لێکردن.

قسەکانی نەبی کۆکە لەگەڵ بۆچوونی ئاسۆس هەردی، دامەزرێنەری هەردوو رۆژنامەی سەربەخۆی ئاوێنە و هاوڵاتی. لە ئۆفیسە سادەکەی لە شاری سلێمانی کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقەوە، وەکو ئەوەی چەقۆی نەشتەرگەری بەدەستەوەبێت زۆر بەووردی باسی ئەو گرفتانەی کرد رووبەڕووی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەبێتەوە.

"رۆژنامەنووسان قوربانی سەرەکی گرژییە سیاسییەکانی نێوان حیزبەکانن. دەکرێت بەو پەڕی بێباکییەوە هێرشیان بکرێتەسەر. هیچ بەرپرسێکی ئاسایش یاخود بەرپرسی حکومی هەرگیز بەهۆی هێرشەوە بۆ سەر رۆژنامەنووسان سزانەدراوە. هەروەها لە کوردستان سیستەمی دادوەری سەربەخۆ نییە. یاسامان هەیە، بە یاسای رۆژنامەگەری و یاسای دەستکەوتنی زانیارییەوە، بەڵام ئەم یاسایانە گرفتیان ئەوەیە یاخود پێناسەکانیان روون نین یاخود بە زاراوەی ناڕوون نوسراون، یاخود هەرگیز جێبەجێناکرێن، و یان بەگوێرەی میزاجی دەسەڵاتداران بەکاردەهێنرێن. لە کۆتایدا، رۆژنامەنووسان دەستیان ناگاتە زانیارییە گشتییەکان. دەسەڵاتداران کۆنترۆڵی تەواوی زانیاریان کردووە و زانیاری تەنیا بۆ دەزگاکانی سەر حیزبەکانیان دزەپێدەکەن."

سەرەڕای ئەو وێنە تاریکەی کێشای و ئەو راستییەی کە بڵاوکراوەکەی، ئاوێنە، بەهۆی گرفتی داراییەوە هیچی دیکە چاپناکرێت، هەردی گەشبینە.

هەردی دەڵێت، "هێشتا بوار بۆ ئازادی رۆژنامەگەری لە ئارادایە... بارودۆخەکە وەکو گوڵەباخێکی گەش نییە، بەڵام تاریکیش نییە. میدیای سەربەخۆ لە ململانێدایە، بەڵام سۆشیاڵ میدیا لەگەشەدایە. خۆشبەختانە، هیچ پارتێك هێندە بەهێز نییە بتوانێت بەتەواوی ئازادی رۆژنامەگەری بکوژێت."

هاورا لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی هەردیدا، قسەی رۆژنامەنووسانی دیکەیە کە لەگەڵیاندا کۆبوومەوە و ئەنجامەکانی راپۆرتێکی ساڵی ٢٠١٨ ی سەنتەری میترۆیە بۆ بەرگریکردن لە رۆژنامەنووسان لە سلێمانی.

سەنتەری مێترۆ ٣٤٩ کەیسی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان تەنیا لە ساڵی

٢٠١٨ دا تۆمارکردووە  کە تیایاندا هێزەکانی ئاسایش پەخشی کەناڵ رادەگرن، هێرش و هەڕەشە ئەنجامدەدەن و بەبێ پڕیاری دادگا دەست بەسەر ئامێر و کەلوپەلی رۆژنامەنووساندا دەگرن.

لەبارەی ئەم رووداوانەو  گرتنی رۆژنامەنووسانی NRT و داخستنی ئۆفیسەکانی لە مانگی کانونی دووەم، لە زێباری، ڕێکخەرەکەی حکومەت،م پرسی. وەکو کەیسەکەی شێروانی، بەرگری لە کارەکانی دەسەڵات کرد.

## شێروانی لە بەندینخانە ئازادکرا

لەکاتێکدا گەشتەکەم کۆتایی دەهات، رەگەز کەمال، یەکێك لە دامەزرێنەرانی رێکخراوی ١٧ ی شوبات بۆ مافەکانی مرۆڤ، پێی گوتم کە براکەی شێروانی و پارێزەرەکەی نەبی توانیوویانە لە بەندینخانە سەردانی بکەن.

نەبی پێی گوتم، "لە رووی جەستەییەوە باشە، بەڵام ئەو بارودۆخەی بەندینخانە کە تیایدا گیرابوو قورسە.  ئاوی گەرم نییە و لەگەڵ بەندی دیکەدا کە تۆمەتی تیرۆریان درابووە پاڵ لەو بەشەی بەندینخانە زیرکا بەندکراوە کە ئاسایش بەڕێوەی دەبات."

نەبی گوتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پێویستە فشاردروستبکەن تا شێروانی زیندانی هەتا هەتایی بۆ نەپردرێتەوە. بەڵام گوتی، دەسەڵاتداران لە پردا بەندکراوەکان ئازاد دەکەن تا بڵێن فشاری ڕێکخراوە نێودەوڵێتییەکان و پارێزەران هیچ پەیوەندیان بە رزگارکردنەوەکەوە نییە.

هەفتەیەك دوای گەشتەکەم، شێروان و چالاکوانەکانی دیکە کە لەگەڵیدا گیرابوون بە کەفالەت ئازادکران، هەرچەندە کەیسەکانیان هێشتا دانەخراون.

شێروانی لە رێگەی وەرگێڕێکەوە دوای ئازادکردنی پێی گوتم، "هەستێکی خۆش بوو کە دوای ٤٢ رۆژ  لە بەندکردن خێزانەکەم بینییەوە.  لەوەش خوشتر کە زانیمان لە دەرەوە بێ خاوەن نەبووین و لە لایەن گروپی پارێزەرە خوبەخشەکانەوە تا رێکخراوە و هاورێکانمان کاری زور بۆ کەیسی ئێمە کراوە."